پێغەمبەرم بینی -صلى الله عليه وسلم- مەسحی دەکردە سەر دیوی سەرەوەی خوفەکانی

عەلی -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «ئەگەر ئاین (ئایندارى یان دینداری) بە پێی ئەقڵ ولێکدانەوە بووایە ئەوا مەسحکردنی دیوی ژێرەوەی خوفەکان لە پێشتر بوو وەکو مەسحکردنی دیوی سەرەوەیان، وپێغەمبەرم بینی -صلى الله عليه وسلم- مەسحی دەکردە سەر دیوی سەرەوەی خوفەکانی»

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

عەلی -ڕەزای خوای لێبێت- هەواڵی ئەوە دەدات ئەگەر ئاین (دینداری) بە ئەقڵ بووایە دوور لە دەق وگێڕانەوەکان، ئەوا مەسحکردنی ژێرەوەی خوفەکان (گۆڕەویەکان) لە پێشتر بوو وەکو مەسحکردنی سەرەوەی؛ چونکە دیوی ژێرەوەی خوفەکان (گۆڕەویەکان) لەسەر زەوین وتووشی پیسی وتۆز وخۆڵ دەبن، بۆیە لەپێشترە کە مەسح بکرێت لە ڕوانگەی ئەقڵەوە بەڵام لە شەریعەتدا پێچەوانەی ئەمە هاتووە، بۆیە دەبێت کردەوە بە دەقی شەریعەت بکرێت و واز بهێندرێت لە ڕایەک پێچەوانەی دەقەکان بێت، وعەلی -ڕەزای خوای لێبێت- پێغەمبەری بینی -صلى الله عليه وسلم- دیوی سەرەوەی خوفەکانی مەسحکرد، وئەمەی کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەنجامیداوە بە پێی ئەقڵە لە ڕوانگەیەکی تریەوە؛ چونکە ئەگەر دیوی ژێرەوەی خوفەکە بە ئاو مەسح بکات ئەوا پیسی وتۆز وخۆڵ هەڵدەگرێت، بۆیە مەسحی کردە سەر دیوی سەرەوەی گۆڕەوییەکانی بۆ ئەوەی تۆز وخۆڵ هەڵنەگرن لە کاتی ڕێکردن بەسەر زەویدا؛ چونکە بەشی سەرەوەی خوف (یان گۆڕەوی) ئەوەیە کە دەبینرێت بۆیە مەسحکردنی لەپێشترە، وتێگەیشتن لە هەموو حوکمە شەرعییەکان پێچەوانەی ئەقڵی سەلامەت نین، بەڵام هەندێک کات لە لای خەڵکی ژیر وخاوەن ئەقڵ شاراوە دەبن.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8390